ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: http://jls.tu.edu.iq

# The ordering of the affixes in the verb structure

**Aram Rashid Majeed** *
**Kirkuk University**
**arammajeed@gmail.com**

**Received:** 22 /8/2022, Accepted**:** 11 /10/2022, **Online Published: 15/ 10 /2022**

## Abstract

The research is entitled (The order of the affixes in the verb structure). The location and ordering of the derivational and inflectional additions attached to the base of words, whether in the lexicon or in the syntactic representation, is one of the issues and matters in morphological and syntactic studies. This problem has led to the emergence of several assumptions and hypothesis to reveal and know the structure of that order and the extent of the proximity and distance of the derivational and inflectional affixes to the base of the word. In order to arrive at that structure and the reasons for the adhesion of these increments to the base, we presented two questions in the research (1) how is the order of the derivational and inflectional affixes in relation to the verb base in the Kurdish language? Which one is the pre/post of the base? (2) How close and remote are the derivational and inflectional affixes for the verb base in the Kurdish language? Which one is closer/furthest from the base structure? In order to find the answer to these two questions, the research was based on morphological hypotheses such as the split-morphology hypothesis and the complexity-based ordering hypothesis. The order and position of the verbs in the Kurdish language are based on the basic properties of the verb, such as (time, direction, place,..), meaning which of the derivational and morphological affixes include those properties whose rank and position are closer to the verb base, and vice versa.

**Keywords:** affixes ordering, derivational affixes, inflectional affixes, base.

* **Corresponding Author**: Aram Rashid Majeed**, E.Mail**: arammajeed@gmail.com
**Tel**: +9647706624555**, Affiliation**: Kirkuk University -Iraq

# رتبة الزيادات في بنية الفعل

م.م. ئارام رشيد مجيد

جامعة كركوك

**الملخص:** البحث بعنوان (رتبة الزيادات في بنية الفعل). يعد موقع و ترتيب الزيادات الاشتقاقية و التصريفية الملحقة بالجذور الكلمات سواء كانت في المعجم او في التمثيل النحوي، من احد المشكلات و الأمور في الدراسات الصرفية والنحوية. وقد أدت هذه المشكلة الى ظهور عدت افتراضات لكشف و معرفة بنية ذلك الترتيب و مدى قرب و بعد الزيادات الأشتقاقية و التصريفية عن جذر الكلمة. ولكي نتوصل الى تلك البنية و حيثيات التصاق تلك الزيادات بالجذور، عرضنا سؤالين في البحث (1) كيف يكون الترتيب الزيادات الأشتقاقية والتصريفية بالنسبة للجذور الأفعال في اللغة الكوردية؟ أي منهما يكون السابق/اللاحق للجذر؟ (2) ما مدى قرب و بعد الزيادات الأشتقاقية والتصريفية بالنسبة للجذور الأفعال في اللغة الكوردية؟ أي منهما يكون أقرب/أبعد عن بنية الجذر؟ وللتوصل الى الأجابة لذلك السؤالين، استند البحث على فرضيات صرفية مثل فرضية الانقسام المورفولوجي/الصرفي split-morphology hypothesis و فرضية الرتبة المبنية على التعقيد complexity based ordering، وجرى تطبيق تلك الفرضيتين على الزيادات الأشتقاقية والتصريفية للأفعال في اللغة الكوردية، وفي النتيجة توصل البحث الى ان الرتبة و موقع الزيادات للأفعال في اللغة الكوردية مبنية و مستندة على الخصائص الأساسية للفعل مثل (الزمن، الأتجاه، المكان،..)، أي بمعنى أي من الزيادات الأشتقاقية و الصرفية تتضمن تلك الخصائص تكون رتبتها و موقعها أقرب الى جذر الأفعال، والعكس صحيح.

**الكلمات الدالة:** رتبة الزيادات، الزيادات الأشتقاقية، الزيادات التصريفية، جذر الأفعال.

## سەرەوڕیزبوونی لاگرەکان لە دروستەی کرداردا

م.ی. ئارام رشيد مجيد

وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی کەرکوک

پوختە

شوێن و سەرەوڕیزبوونی لاگرەکانی هەڵگواستن و شکاندنەوە پەیوەست بە بناغەکەیانەوە چیی لە فەرهەنگدا بێت یان لە نواندنی سینتاکسییانەدا بێت، بە یەکێک لە مژار و هەروەها گرفتەکانی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس دادەنرێت، هەر ئەم گرفتەیش بووە هۆی پەیدابوونی چەند گریمانەیەک بۆ دەرخستنی دروستەی ئەو سەرەوڕیزبوونە و ڕادەی نزیکیی و داخراویی لاگرەکانی هەڵگواستن و شکاندنەوە لە بناغەکە. ئەو گرفتە وەهای کردووە، کە پرسیاری سەرەکیی لە ئەم توێژینەوەیەدا ئەم دوو پرسیارە بێت (١) سەرەوڕیزبوونی لاگرەکانی هەڵگواستن و شکاندنەوەی کردار چۆنن؟ واتە کام لاگر لە پێشی/پاشی کام لاگرەوە

دێت؟ (٢) کام لاگری هەڵگواستن و شکاندنەوەی کردار لە بناغە کردارییەکەوە نزیکتر و داخراوترە و بۆچیی؟ ئەم توێژینەوەیە بە تاقیکردنەوەی داتاکان و نموونەکان لە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسدا، وەڵامی ئەو دوو پرسیارە دەداتەوە. سەرەتا بە تاقیکردنەوەی لاگرەکانی هەڵگواستن و دواتر بە تاقیکردنەوەی لاگرەکانی شکاندنەوە، ئەمجا هەردوو جۆری لاگرەکان پێکەوە تاقیکراونەتەوە. لە کۆتاییدا بە ئەو ئەنجامە گەیشتیین، کە سەرەوڕیزبوون و شوێنی لاگرەکانی هەڵگواستن و شکاندنەوە لە دروستەی کرداردا (لە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسدا) زیادتر بە لایەنی واتایی و دەرخستنی تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی کردارەکەوە (کات، شوێن، ئاڕاستە،..) پەیوەستە.

**کلیلە وشەکان:** سەرەوڕیزبوونی لاگرەکان، لاگری هەڵگواستن، لاگری شکاندنەوە، ، بناغە

## 1. بنەمای تیۆریی و چەمکەکان

### 1.1. چەمکە پێویستەکانی توێژینەوەکە

دروستەی مۆرفۆلۆژییانەی وشەکان دەشێت لە چەند توخمێک پێکبێت (بناغە، ڕەگ، قەد، لاگر..)، بەڵام ئەو چەمکانەی بۆ ئەم توێژینەوەیە گرنگن و کاریانپێدەکرێت، زاراوەکانی بناغە، لاگرەکانی هەڵگواستن و شکاندنەوەن، چونکە سەرەوڕیزبوون و شوێنی لاگرەکانی کردار پێویستی بە ئەو زاراوانە هەیە و بنەمای شیکردنەوە و لێکدانەوەکانی توێژینەوەکە لەسەر ئەو زاراوانە دەڕۆن.

کردارەکان وەکو هەموو پۆلەڕەگەزەکانی دیکە بناغەیان هەیە، بناغەیش base هەر توخمێکی مۆرفۆلۆژییە، کە لە کاتی دروستکردنی وشەدا دەتوانرێت توخمی دیکەی بۆ زیادبکرێت، توخمە زیادکراوەکە دەشێت پێشگر، پاشگر یان بناغەیەکی تر بێت، بۆیە دەگونجێت بناغە یەک ڕەگ بێت، بۆ نموونە وشەکانی (خۆش، جوان،..)، یان لە دوو ڕەگ پێکهاتبێت، بۆ نموونە وشەکانی (بەژن- چنار، مارماسیی)، هەروەها دەشێت بناغەکە لە ڕەگێک و لاگر پێکهاتبێت (خۆشیی)[i].

لاگرەکانی هەڵگواستن derivational affixes، لە ناویاندا لاگرەکانی هەڵگواستنی کرداریش، لە ڕێگەی پێواژۆی لاگرلکاندنەوە لێکسیمی نوێ (کرداری نوێ) لە لێکسیمێکەوە دروستدەکەن، بەڵام لاگرەکانی شکاندنەوە inflectional affixes، لە ناویاندا لاگرەکانی شکاندنەوەی کرداریش، پارادایمی فۆڕمە-وشەکانی لێکسیمێک دروستدەکەن[ii].

### 2.1. پەیوەندییە مۆرفۆلۆژییەکان

مۆرفۆلۆژیی هەڵگواستن derivation لەگەڵ مۆرفۆلۆژیی لەیەکداندا پێکەوە بە دوو وەچە-بەشی پەیوەندیی مۆرفۆلۆژییانە دادەنرێن، کە ئەرکیان لە زماندا وشەدروستکردنە/لێکسێم-دروستکردنە. واتە هەڵگواستن پەیوەندیی نێوان لێکسێمەکانی خێزانە وشەیەکە. هەر یەکێک لە لێکسێمەکانی ئەو خێزانە بە وشەی هەڵگوێزراو دادەنرێت. بەڵام شکاندنەوە پەیوەندیی نێوان فۆڕمە-وشەکانی لێکسێمە. هەر یەکێک لە فۆڕمە-وشەکانی ئەو لێکسێمە بە وشەی شکێنراو inflected words دادەنرێت. کەواتە پەیوەست بە هەڵگواستنەوە ئەنجامەکەی وشەیەکی هەڵگوێزراو دروستدەبێت، لە ئەنجامی شکاندنەوەیشدا وشەیەکی شکێنراو دروستدەبێت[iii]. بۆ شوێنی پەیوەندییە مۆرفۆلۆژییەکان و پەیوەندییان بەیەکەوە، بڕوانە (هێڵکاریی (1))[iv].

هێڵکاریی (1) پەیوەندییە مۆرفۆلۆژییەکان و وەچە-دابەشکردنەکانی




هێڵکاریی (1) ئەوە دەردەخات، کە هەڵگواستن و شکاندنەوە هەردوکیان بەشێکن لە پەیوەندیی مۆرفۆلۆژییانە، بەڵام لە دوو ئەرکی جیاوازدا. هەڵگواستن وەکو پێواژۆیەکی وشە دروستکردن وشەی نوێ بەرهەمدەهێنێت (خۆشیی، ناخۆشیی)، بەڵام شکاندنەوە لە وشە دروستکردندا بەشێک و پێواژۆیەک نییە، چونکە شکاندنەوە وشەی نوێ دروست ناکات، بەڵکو وەکو پەیوەندییەکی مۆرفۆلۆژییانە پارادیمی پۆلەڕەگەزەکان دەردەخات (کوڕ، کوڕێک، کوڕەکە).

جگە لە ئەو جیاوازییەی سەرەوە، بەپێی گریمانەی لەتکردنی مۆرفۆلۆژیی split-morphology hypothesis هەڵگواستن و شکاندنەوە دوو پێکهاتەی جیاوازی ڕێزمانن. هەڵگواستن لە ڕێگەی یاسا فەرهەنگییەکانەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرێت، بەڵام شکاندنەوە لەڕێگەی یاسا سینتاکسییەکانەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرێت[v]. هەر بەپێی ئەم گریمانەیە یاساکانی وشە دروستکردن لەپێش یاسا سینتاکسییەکانەوە جێبەجێدەکرێن، هەڵگواستنیش بەشێکە لە وشە دروستکردن، بەڵام یاساکانی شکاندنەوە لەپاش یاسا سینتاکسییەکانەوە جێبەجێدەکرێن، بڕوانە هێڵکاریی (2)[vi].

هێڵکاریی (2) وشە دروستکردن و شکاندنەوە لە لەتکردنی مۆرفۆلۆژییدا




هێلکاریی (2) گریمانەی لەتکردنی مۆرفۆلۆژییانە دەردەخات، کە چۆن لە فەرهەنگدا لێکسیمە سادەکان دەبنە بناغە بۆ پێواژۆکانی وشە دروستکردن (هەڵگواستن و لەیەکدان)، دواتر بە هۆی ئەو پێواژۆیانەوە لێکسیمە فرە مۆرفیمیەکان (لێکسیمی ئاڵۆز) دروستدەبن. هەموو ئەو پێواژۆ و توخمانەی هەتا ئێستا باسکران لە ناو فەرهەنگدا گەنجکدەکرێن، چیی بە شێوەی سادە بێت یان ئاڵۆز، واتە هەڵگواستنیش وەکو بەشێک لە وشە دروستکردن هەر لە فەرهەنگدا لێکسیمە ئاڵۆزەکان دروستدەکات، ئەمەیش ئەوە دەردەخات، کە لاگرەکانی هەڵگواستن لە فەرهەنگدا بە بناغەکەوە دەلکێن و لە پێش جۆرەکانی دیکەی لاگرەوە دێن (شکاندنەوە).

هەنگاوی دوای ئەوە بەپێی هێلکارییەکە، هەنگاوی پاش فەرهەنگییە، واتە لێکسیمە سادە و ئاڵۆزەکان دەچنە سینتاکسەوە و یاسا سینتاکسییەکانیان بەسەردا جێبەجێدەکرێت. شکاندنەوە هەرچەندە بە پەیوەندییەکی مۆرفۆلۆژییانە دادەنرێت، بەڵام بایەخی سەرەکیی لە سینتاکسدا دەردەکەوێت، چونکە لاگرەکانی شکاندنەوە بە لاگری سینتاکسیی دادەنرێن و ڕۆڵی سینتاکسیی (بۆ نموونە، دیارییکردن) دەبینن[vii]، کەواتە لاگرەکانی شکاندنەوە لە سینتاکسدا دەردەکەون و بە ئەو بناغانەوە دەلکێن، کە پێشتر لە فەرهەنگەوە دروستبوونە و هاتوونەتە ناو سینتاکسەوە، ئیتر دەشێت بناغەکە سادە بێت، یان بناغەیەکی ئاڵۆز بێت.

بەڵام لێرەدا ئەو پرسیارە دروستدەبێت، ئایە لە سینتاکسدا، لاگرەکانی هەڵگواستن لە بناغەکەوە داخراوتر و نزیکترن، یان لاگرەکانی شکاندنەوە؟ واتە لکاندنی لاگرەکانی هەڵگواستن بە بناغە سادەکانەوە لە فەرهەنگدا، دەبێتە هۆی ئەوەی لە سینتاکسیشدا لە بناغە سادەکە دوورنەکەونەوە و لە لاگرەکانی شکاندنەوە لە بناغەکەوە داخراوتر بین؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، پێویستە سەرەوڕیزبوون و شوێنی هەر یەک لە لاگرەکانی هەڵگواستن و شکاندنەوە بە جیا تاقیبکرێنەوە، دواتر هەردوو جۆرەکە پێکەوە تاقیبکرێنەوە.

## 2. سەرەوڕیزبوونی لاگرەکانی کردار

### 1.2. سەرەوڕیزبوونی لاگرەکانی هەڵگواستن

هەڵگواستن وەکو پێواژۆیەکی مۆرفۆلۆژییانە لێکسیم دروستدەکات و لێکسیمەکان لە فەرهەنگدا تۆماردەکرێن، واتە لاگرەکانی هەڵگواستنیش لە فەرهەنگدا تۆماردەکرێن. پەیوەست بە سەرەوڕیزبوونی لاگرەکانی هەڵگواستن، بەپێی سەرەوڕیزبوونی ئاڵۆزیی-بنەما Complexity-based ordering ڕێگریی و کۆتوبەندەکانی سەر ڕیزبوونی لاگرەکان لە دروستە فەرهەنگیەکەوە ڕوودەدات، ئەو لاگرانەی، کە لە فەرهەنگدا لەگەڵ قەدەکانیاندا گەنجکراون/خەزنکراون، ئەو لاگرانە داخراوتر و نزیکترن لە ڕەگەکانەوە بەراورد بە جۆرەکانی دیکەی لاگرەکان[viii]. بۆ نموونە لاگرەکانی (/هەڵ-، دا-، ڕا-،../)، بڕوانە (1-4).

1. هەڵکردن، داکردن،..

ا- دایکم چراکەی هەڵکرد.
ب- ئۆتۆمبێلی بارهەڵگرەکە بارەکەی داکرد.

لە (1)دا، دروستەی کردارەکە لە پێشگر/هەڵ-، دا-/ + بناغە /کردن/ پێکهاتووە، واتە لە فەرهەنگدا لاگرەکە بەشێکە لە دروستەی کردارەکە و لە (1-ا، ب)دا، کە نواندنی سینتاکسیی هەردوو کردارەکەیە، لاگرەکە لەگەڵ بناغە سادەکەی کردارەکە ماوەتەوە.

ئەو لاگرانەی بە بناغەوە دەلکێن وەکو پۆل دەردەکەون، هەر پۆلێکیان یان وەکو پێشگر یان وەکو پاشگر بە بناغەکەوە دەلکێن. پەیوەست بە ئەو لاگرانەی هەڵگواستن، کە لە زمانی کوردییدا وەکو پۆل بە پێش و پاشی کردارەوە دەلکێن بۆ سێ جۆر پۆلێندەکرێن (لیژنەی زمان و زانستەکانی لە کۆڕی زانیاری کورد، 2011: 195-199)، دوو پۆلیان پێشگرن، جۆرەکەی تریان پاشگرە:

a) پۆلی پێشگرەکانی (/هەڵ-، دا-، ڕا-، ڕۆ-،../)

b) پۆلی پێشگرەکانی (/پێ-، لێ-، تێ-/)

c) پاشگری (/-ەوە/)

ئەو پێشگرانەی بە کرداری سادەوە (بناغەی سادە) دەلکێن و دەیکەنە بناغەیەکی ئاڵۆز بۆ دوو پۆل دابەشدەکرێن:

- پێشگرەکانی پۆلی (a): پارتیکڵە کردارییەکان (/هەڵ-، دا-، ڕا-، ڕۆ-،../) بڕوانە (2)
- پێشگرەکانی پۆلی (b): پێشناوە فەرهەنگیی و مۆرفۆسینتاکسییەکان (/پێ-، لێ-، تێ-/) بڕوانە (3)

**2.** هەڵگرتن، داگرتن، ڕاگرتن، ڕۆچوون

3. پێدان، لێدان، تێگرتن

پارتیکڵە کردارییەکان (پێشگرەکانی گرووپی a) و پێشناوە فەرهەنگیی و مۆرفۆسینتاکسییەکان (پێشگرەکانی گرووپی b) لە پێکهاتووی مۆرفۆسینتاکسییدا لە بناغە سادەکەیان جیادەبنەوە[ix].

4. هەڵم گرت، دامگرت، ڕامان گرت..

5. پێم دا، لێت دا، تێمان گرت..

هەردوو جۆری پێشگرەکان سەر بە هەڵگواستنن (سەرچاوەی پێشوو، 207)، چونکە هەردوو جۆرەکە لە وشە دروستکردندا ڕۆڵ دەبینن، بڕوانە (6، 7).

6. گرتن ← هەڵگرتن

7. گرتن ← تێگرتن

پەیوەست بە داخراویی/نزیکیی ئەم دوو گرووپە لە بناغە سادەکەیانەوە، لە نواندنی فەرهەنگیی و سینتاکسییدا دەردەکەوێت. لە فەرهەنگدا پارتیکڵە کردارییەکان نزیکتر و داخراوترن بۆ بناغە کردارییە سادەکە بەراورد بە پێشناوە فەرهەنگیی و مۆرفۆسینتاکسییەکان.

8. ا. /تێ-/ + /هەڵ-/ + دان ← تێهەڵدان

ب./پێ-/ + /ڕا-/ + گەیشتن ← پێڕاگەیشتن

پ. /تێ-/ + /هەڵ-/ + کێشان ← تێهەڵکێشان
ت. /هەڵ-/ + /تێ-/ + دان ← *هەڵتێدان
چ. /ڕا-/ + /پێ-/ + گەیشتن ← *ڕاپێگەیشتن
ج. /هەڵ-/ + /تێ-/ + کێشان ← *هەڵتێکێشان

نموونەکانی (8 ا-پ) ئەوە دەردەخەن، کە پێشگرەکانی گرووپی a /هەڵ-، ڕا-/ نزیکتر و داخراوترن لە بناغە سادەکەی کردارەکەوە بەراورد بە پێشگرەکانی گرووپی b /تێ-، پێ-/، هەروەها ئەو فۆڕمانەی دروستیان کردووە ڕێزماندروستن، بەڵام بە پێچەوانەوە، نموونەکانی (8 ت-ج) ئەوە دەردەخەن، کە پێشگرەکانی گرووپی b (پێشناوە فەرهەنگیی و مۆرفۆسینتاکسییەکان)، ئەگەر لە هەمان دروستەدا پارتیکڵە کردارییەکان هەبن، ئەوە پێشناوە فەرهەنگیی و مۆرفۆسینتاکسییەکان ناتوانن لە بناغە سادەکە نزیک ببنەوە، بۆیە ڕستەکانی (8 ت-ج) بوون بە ڕستەی ناڕێزمانیی. لە دەرئەنجامی نموونەکانی (8)وە، ئەم یاسایە بۆ

سەرەوڕیزبوونی پارتیکڵە کردارییەکان و پێشناوە فەرهەنگیی و مۆڕفۆسینتاکسییەکان پەیوەست بە بناغەکەیانەوە، دروستدەبێت:

<u>یاسای ژمارە (1)</u>

**پێشگرەکانی گرووپی b + پێشگرەکانی گرووپی a + بناغەی سادە**

پارتیکڵە کردارییەکان لەبەر ئەوەی زیادتر شوێن و ئاڕاستەی کردار دەردەبڕن، بۆیە نزیکتر و داخراوترن بۆ بناغەکە، بەڵام پێشناوە فەرهەنگیی و مۆڕفۆسینتاکسییەکان ئەم تایبەتمەندییەیان نییە، بۆیە کاتێک لەگەڵ پارتیکڵە کردارییەکاندا لە دروستەی کردارەکەدا دەرەکەون (یاسای 1)، ئەوە دوورتر لە بناغە کردارییەکە دەبن و لە سینتاکسیشدا ئەو لێکدانەوەیە زیادتر دەسەلمێت (بڕوانە 9-11). لە نواندنی سینتاکسیی پێشگرەکانی هەردوو گرووپەکەدا، یاسای (1) پشتڕاستدەکرێتەوە و دەسەلمێنرێت، واتە نواندنی سینتاکسییەکەی پێشگرەکان لەگەڵ سەرەوڕیزبوونی پێشگرەکان لە دروستەی فەرهەنگییاندا پەیکاڵن.

9. پێڕاگەیشتن: ئەو بە ئێمە ڕاناگات.

10. تێهەڵدان: منداڵەکە شەقێکی لە یارییەکەی هەڵدا.

11. تێهەڵکێشان: ژنەکە جەڕەکەی لە بیرەکە هەڵکێشا.

لە نموونەکانی (9-11)دا، ئەوە خراوەتەڕوو، کە پارتیکلە کردارییەکان (/هەڵ-، ڕا-/) لە سینتاکسدا بۆ بناغە سادەکە نزیکتر و داخراوترن، بەڵام پێشناوە فەرهەنگیی و مۆڕفۆسینتاکسییەکان لە سینتاکسدا لە فۆڕمی پێشناوی سینتاکسییدا دەردەکەون و فرێزی پێشناویی پێکدەهێنن (بە ئێمە، لە یارییەکە، لە بیرەکە)، ئەمەیش وا دەکات لە بناغە سادەکە دووربکەونەوە، بڕوانە (سەرچاوەی پێشوو،205).

ئەو کردارە هەڵگوێزراوانەی لە فەرهەنگدا پێشناوە فەرهەنگیی و مۆڕفۆسینتاکسییەکان و پاشگری /-ەوە/یان پێوەیە، هەرچەندە لە فەرهەنگدا وەها دەردەکەوێت، کە پێشگرەکە و پاشگرەکە لە هەمان شوێنی نزیکییدان بۆ بناغەکە، بەڵام لە نواندنی سینتاکسییاندا ڕووندەبێتەوە، کە پاشگرەکە هەر بە نزیکیی و داخراویی بۆ بناغە کردارییەکە دەمێنێتەوە، بەڵام پێشگرەکە لە بناغەکە دووردەکەوێتەوە، هۆکاری ئەم دوورکەوتنەوەیش وەکو پێشتر باسکرا بە هۆی دەرکەوتنی فۆڕمی سینتاکیی پێشناوەکەوە دەبێت، کە فرێزێکی پێشناویی پێکدەهێنێت و لە بناغەکە دووردەکەوێتەوە.

12. لێکۆڵینەوە

ا. پۆلیسەکە لە تاوانەکەی کۆڵییەوە

ب. لێی کۆڵییەوە

لە (12)دا، کرداری (لێکۆڵینەوە) پێشگری /لێ-/ و پاشگری /-ەوە/ بە بناغە کردارییەکەوە (کۆڵین) لکێنراون و بووە بە کردارێکی هەڵگوێزراو، هەردوو لاگرەکە لە هەمان ئاستی نزیکیی و داخراویین بۆ بناغەکە. لە نواندنە سینتاکسییەکەیدا (12 ا،ب) ئەوە ڕوونە، کە پێشگرەکە /لێ-/ لە بناغە کردارییەکە دوورکەوتووەتەوە، بەڵام پاشگرەکە /-ەوە/ هەر بە داخراویی ماوە بۆ بناغەکە.

ئەو داتا و شیکردنەوانەی سەرەوە ئەوە دەردەخەن، کە لاگرەکانی هەڵگواستن هەرچەند هەموویان توخمی فەرهەنگیین، بەڵام لە سینتاکسدا دەرکەوتن و ڕادەی نزیکیی و

داخراوییان بۆ بناغە کرداریيەکە جیاوازە. پارتیکڵە کرداریيەکان و پاشـگرەکە لە سـینتاکسـدا داخراوترن بۆ بناغەکە بەراورد بە پێشناوە فەرهەنگیی و مۆرفۆسینتاکسییەکان.

## 2.2. سەرەوڕیزبوونی لاگرەکانی شکاندنەوە

لاگرەکانی شـکاندنەوەی کردار وەکو (ئەسـپێکت، تاف، کەس، ژمارە..) فۆڕمە-وشەکانی کردارەکە بە شێوەی پارادیمێک دروستدەکەن، واتە جیاواز لە لاگرەکانی هەڵگواستن، لاگرەکانی شـکاندنەوە و پێواژۆی شـکاندنەوە کرداری نوێ بۆ فەرهەنگی زمانەکە دروستناکات، بەڵکو فۆڕمە-وشـەکانی کردارەکە بۆ سـینتاکس و پێداویسـتییە سـینتاکسـییەکان دروسـتدەکات، هەربۆیە دەگوترێت شـکاندنەوە بەتەواوەتیی بە سـینتاکسـەوە پەیوەسـتە[x]ئەم تایبەتمەندییەی شکاندنەوە ڕەنگدانەوەی لەسەر سەرەوڕیزبوونی لاگرەکانی شکاندنەوە هەمبەر بە لاگرەکانی هەڵگواستن و پەیوەست بە بناغە کرداریيەکەوە لە سینتاکسدا هەیە.

13. هەڵخستن

ا. تۆ جلەکانت هەڵدەخست.
ب. هەڵتدەخست.

لە دروستەی کردارەکەی نموونەی (13)دا لاگری هەڵگواستنی /هەڵ-/ لە بناغەکەوە نزیک و داخراوە، بەڵام لە (13 ا، ب)دا، کاتێك کردارەکە دەچێتە سـینتاکسـەوە، لاگرەکانی شـکاندنەوە بەپێی پێداویستییە سینتاکسییەکانی ڕستەکەوە، کە پێویستی بە (تاف، ئەسپێکت، کەس،..) هەیە، نواندنی ئەو پۆلەڕەگەزە سینتاکسییانە لە ڕێگەی لاگرەکانی شکاندنەوە دەنوێنرێت (تاف: /-ت/، ئەسپێکت: /دە-/، کەس و ژمارە: /ت/)، ئەو لاگرانە نزیکتر و داخراوتر دەبن لە بناغەکەوە.

دوو چەشن لاگری شکاندنەوە جیاکراونەتەوە، بڕوانە (Booij, 1996)

(1) لاگری شـکاندنەوەی ناوەکیی/بنچینەیی: ئەو جۆرە لاگرەی شـکاندنەوەیە، کە کۆنتێکسـتی (دەوروبەری) سینتاکسیی داوایناکات، بەڵکو هەر بەشێکە لە دروستەی ناوەکیی/بنچینەیی کردارەکە، دەشـێت پەیوەسـتبوونی سـینتاکسـییشـیان هەبێت، بۆ نموونە پۆلەڕەگەزەکانی (تاف و ئەسپێکت)ی کردار لە ئەم جۆرەن.

(2) لاگری شـکاندنەوەی کۆنتێکسـتیی (دەوروبەریی): ئەو جۆرە لاگرەی شـکاندنەوەیە، کە دەوروبەری سـینتاکسـیی دەیسـەپێنێت و داوایدەکات، بۆ نموونە پۆلەڕەگەزی (کەس و ژمـارە)، کە لەگەڵ کرداردا دەردەکەون بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ بکەر یـان بەرکـاری ڕسـتەکەدا دێن، واتە توخمی بکەر یان بەرکار بەسـەر کردارەکەدا کەس و ژمارە دەسەپێنێت.

لاگرەکـانی ئەسـپێکـت و تـاف نزیکتر و داخراوترن لە بنـاغە کرداریيەکەوە بەراورد بە لاگرەکانی کەس و ژمارە، چونکە ئەسپێکت و تاف لە جۆری لاگرەکانی شکاندنەوەی ناوەکیین و لاگری کەس و ژمارە لە جۆری دەوروبەریین، هەروەها لە ڕووی واتاوە، ئەسـپێکت و تاف بەراورد بە کەس و ژمارە زیادتر بە کردارەوە پەیوەستن. تاف و ئەسپێکت و موود (ڕێژە) لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی کردارن، بەڵام کەس و ژمارە زیادتر بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ بکەری ڕستەکەدا دێن و کەمتر پەیوەندییان بە واتای کردارەکەوە هەیە، هەر بۆیە لە بناغە کرداریيەکە دوورترن[xi] بڕوانە سەرەوڕیزبوونی لاگرەکانی شکاندنەوە لە کرداری ڕابوردووی بەردەوامدا.

14. دەگرتم، دەهاتین

سەرەوڕیزبوونی لاگرەکانی شکاندنەوەی (14) لە یاسای ژمارە (2)دا شێوازبەنددەکرێت:

یاسای ژمارە (2)

**ئەسپێکت + بناغە + تاف + مۆرفیمی ڕێککەوتن (کەس و ژمارە)**

وەکو لە نموونەکە و فۆرمە شێوازبەندانەکەیدا خرایەڕوو، هەردوو لاگری ئەسپێکت و تاف نزیکتر و داخراوترن بۆ بناغەکە، بەڵام کەس و ژمارە دوورترن. ئەم سەرەوڕیزبوونە بۆ فۆرمی کرداری ڕانەبوردوویش (ئێستا و داهاتوو)[xii] بەهەمان شێوەیە، بەڵام بۆ فۆرمەکانی دیکەی کرداری ڕابوردوو (تەواو، نزیک/ڕووت، دوور) تەنها جیاوازیی ئەوەیە، کە لاگری تاف نزیکتر و داخراوتر دەبێت بۆ بناغەکە بەراورد بە هەموو لاگرەکانی تر، داخراوتریشە لە لاگری ئەسپێکتیش، چونکە وەکو پێشتریش خرایەڕوو، لە ڕووی واتاوە، تایبەتمەندیی سەرەکیی و بنەڕەتیی کردار دەربڕینی کاتی ڕوودان و چالاکییەکەیە، کە لە ڕێگەی تافەوە دەردەبڕدرێت، بڕوانە (15-17) و یاسای ژمارە (3) بۆ فۆرمە شێوازبەندانەکەی نموونەکانی (17).

15. دەگرم، دەگریت، دەگرن..

16. ئەسپێکت /دە-/ + بناغە + تاف ϕ[xiii]+ مۆرفیمی ڕێککەوتن (کەس و ژمارە) /- م، - یت، - ن/

17. گرتم، گرتبووم، گرتوومە

یاسای ژمارە (3)

**بناغە + تاف + ئەسپێکت + مۆرفیمی ڕێککەوتن (کەس و ژمارە)**

نموونەکانی (17) ئەوە دەردەخەن، کە لاگری شکاندنەوەی تاف هەمیشە لەتەنیشت بناغەکەوەیە، واتە لە هەموو لاگرەکانی دیکەی شکاندنەوە -بە ئەسپێکتیشەوە- لە پێشترە، فۆرمەکانی کرداری ڕابوردوو و داهاتوو (ڕانەبوردوو) ئەمە دەسەلمێنێت.

18. گرتمان، گرتوومانە، گرتبوومان، دەمانگرت

19. دەگرم

20. من تۆ دەگرم ~ دەتگرم

لە نموونەکانی (18)دا، کە سێ فۆرمی کرداری ڕابوردووە، لاگرەکانی شکاندنەوەی (تاف، ئەسپێکت، کەس و ژمارە) لەخۆیاندەگرن، لە هەر سێ فۆرمەکەدا تافەکە لەتەنیشت بناغەکەوەیە. لە (19)دا، کە فۆرمی کرداری داهاتوو (ڕانەبوردوو)، فۆرمی تافەکە دەرنەکەوتووەϕ، بەڵام شوێنەکەی لەتەنیشت بناغەکەوەیە، ڕاستەوخۆ لە دوای ڕەگی کردارەکەوەیە (دەگرϕم). هەر لە (19)دا، ئەسپێکتی /دە-/ لەتەنیشت/لەپێش بناغەکەوە/ڕەگەکەوە دەرکەوتووە، بەڵام کاتێک لە مۆرفۆسینتاکسدا بەکاردەهێنرێت، تافەکە لە شوێنی خۆی دەمێنێتەوە، لاگری شکاندنەوەی کەس وژمارە (ت) دەکەوێتە نێوان ئەسپێکتەکە و بناغەکەوە وەکو لە (20)دا خراوەتەڕوو، ئەمەیش ئەوە دەردەخات، کە ئەسپێکت و لاگرەکانی تری شکاندنەوە لە نواندنی سینتاکسییدا دەشێت لە بناغەکە دووربکەونەوە، بەڵام تاف لەتەنیشت بناغەکەوە دەردەکەوێت.

نموونەکان و شـیکردنەوەکانی شـکاندنەوە دەریدەخەن، کە سـەرەوڕیزبوون و ڕادەی نزیکیی لاگرەکانی شـکاندنەوە بە بناغە کرداربیەکەوە بە جۆری لاگرەکەوە بەندە، ئەگەر لاگرەکە بەشـێک بوو لە تایبەتمەندییە بنچینەییەکانی کردارەکە، ئەوە لە هەموو جۆرەکانی دیکەی لاگرەکان لە پێشترە بۆ بناغەکە و داخراوتریشە بۆ بناغەکە.

### 3.2. سەرەوڕیزبوونی لاگرەکانی هەڵگواستن و شکاندنەوە

ئەو داتـایـانەی لەسـەرەوە خرانەڕوو، ئەوە دەردەخەن، کە دەرکەوتنی لاگرەکـانی هەڵگواسـتن و شـکاندنەوە زیادتر بە لایەنی واتایی بناغە کرداربیەکەوە پەیوەسـتن، بۆ نموونە پارتیکڵە کرداربیەکـان وەکو پێشـگر ئـاراسـتەی جووڵە و ڕوودانی کردارەکە دەردەبڕن؛ لاگرەکانی تاف کاتی ڕوودانی کردارەکە دەردەخەن، ئەمەیش هۆکارێکی سەرەکییە بۆ نزیکیی و داخراویی چەند لاگرێک بەراورد بە چەند لاگرێکی تر[xiv]. سـەرەوڕیزبوونی لاگرەکانی هەڵگواسـتن و شـکاندنەوە پێکەوە لە دروسـتەی کرداردا هەر بە ئەو پێوەرەوە پەیوەسـتە. لاگرەکانی هەڵگواسـتن لە دروسـتەی فەرهەنگیی کردارەکەدا لە بناغەکەوە نزیکن، چونکە لە فەرهەنگدا لاگرەکانی شـکاندنەوە نیین، هەروەها لاگرەکانی هەڵگواسـتن لە فەرهەنگدا خۆیان توخمی بنچینەیی کردارەکەن و بە لابردنیان فۆرم و واتای کردارەکە دەگۆڕێت. لە بەرامبەردا لاگرەکانی شکاندنەوە لە فەرهەنگدا و لە دروستەی کردارەکەدا بوونیان نییە، بەڵام لە سینتاکسدا بە پێچەوانەوە، لەگەرەکانی شـکاندنەوە نزیکتر و داخراوتر دەبن بۆ بناغە کرداربیەکە (بڕوانە (21))، ئەمەیش لەگەڵ گریمـانەی لەتکردنی مۆرفۆلۆژییـدا Split-Morphology Hypothesis پەیکاڵە.

21.داخستن

ا- ئەو دەرگاکەی دادەخست.
ب- دایدەخست.

لە (21)دا، لە فۆڕمی کردارەکە، کە لە فەرهەنگدا بە ئەو شـێوەیە تۆمـارکراوە، لاگری هەڵگواسـتنی /دا-/ لە تەنیشـت بناغە سـادەکەی کردارەکە (خسـتن)دایە، بەڵام کاتێک دەچێتە سینتاکسەوە لاگرەکانی شکاندنەوە دەردەکەون، لە (21 ا)دا لاگری شکاندنەوە (ئەسپێکت /دە/) دەکەوێتە نێوان لاگری هەڵگواستنی /دا-/ و بناغە سادەکەی کردارەکە، لاگری هەڵگواستنەکە لە بناغەکە دووردەکەوێتەوە، هۆکاری ئەم دوورکەوتنەوەیش لە بەشـی (2.2)ی توێژینەوەکەدا باسـکراوە. ئەو لاگرانەی شـکاندنەوە، کە بە لاگری شـکاندنەوەی دەوروبەریی دەناسـرێنەوە وەکو (کەس، ژمارە،..)، لە سـینتاکسـدا بەراورد بە لاگرەکانی هەڵگواسـتن لە بناغە سـادەکە نزیکتر و داخراوترن (21 ب). کەواتە هەردوو جۆرەکەی لاگرەکانی شکاندنەوە لە سینتاکسدا لە بناغە سادەکەی کردارەکە داخراوترن لە لاگرەکانی هەڵگواستن.

پوختەی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە سەرەوڕیزبوون و شوێنی لاگرەکانی هەڵگواستن و شکاندنەوە پەیوەست بە بناغە سادەکەی کردارەکەوە پەیوەندیی بە چەند ئاست و نواندنێکەوە هەیە، لە فەرهەنگدا لاگرەکانی هەڵگواسـتن لە بناغەکەوە داخراوترن بۆ بناغەکە، بەڵام لە سینتاکسدا لاگرەکانی شکاندنەوە داخراوترن.

ئەنجامەکان

- لە فەرهەنگدا، پارتیکڵە کردارییەکان و پاشـــگرەکان نزیکتر و داخراوترن بۆ بناغەکە بەراورد بە پێشناوە فەرهەنگیی و مۆرفۆسینتاکسییەکان، هەرچەندە هەموویان توخمی فەرهەنگیین و لە فەرهەنگدا لەگەڵ بناغەکەدا دەردەکەون.

- لە ســـینتاکســـدا، پێشـــناوە فەرهەنگیی و مۆرفۆســـینتاکســـییەکان لە بناغە کردارییەکە دووردەکەونەوە، بەڵام پارتیکڵە کردارییەکان هەر لەگەڵ بناغەکەدا دەمێننەوە.

- لاگرەکانی شـــکاندنەوەی کردار (تاف و ئەســـپێکت) بەراورد بە لاگرەکانی (کەس و ژمارە) بۆ بناغەکە نزیکتر و داخراوترن.

- مۆرفێمی تاف وەکو لاگرێک، بەگشـــتیی لە هەموو لاگرەکانی دیکەی شـــکاندنەوەی کردار داخراوترە، چونکە لە هەموو فۆرمەکاندا ڕاستەخۆ بە بناغەکەوە دەلکێت.
- هەر لاگرێک، چیی لاگری هەڵگواســـتن بێت یان لاگری شـــکاندنەوە، دەرکەوتن و داخراویی بە بناغە کردارییەکەوە بە ئەو واتایەوە پەیوەستە، کە دەتوانێت بۆ کردارەکە زیادییکات، بۆ نموونە زانیاریی لەســـەر (کات، شـــوێن، ئاڕاســـتە،..)ی ڕوودان یان چالاکیی کردارەکە ببەخشـــێت، بەپێچەوانەوە، ئەگەر لاگرێک کەمتر ئەم زانیارییانە بە بناغەکە ببەخشێت، ئەوە لە بناغەکە دووردەکەوێتەوە.

**پەراوێزەکان**

---

i .(Bauer, L., Lieber, R. and Plag, I., 2013, p.18)

ii بڕوانە (Matthews, 2007, p.99) و (Bauer, 2004, p.55).

iii بڕوانە (Haspelmath and Slims, 2010, pp.18-19)

iv . (Haspelmath and Slims, 2010, p. 19)

v . (Anderson, 1982)

vi . (Haspelmath and Slims, 2010, pp. 102-103)

vii (Haspelmath and Slims, 2010, p. 90) و (مەحویی، 2010: 174).

viii (Haspelmath and Slims, 2010, p. 322)

ix بڕوانە (مەحویی، 2010:203-204).

x (Haspelmath and Slims, 2010, p. 90).

xi ، بڕوانە (Bybee, 1985, pp. 196-200)،

xii لە ئەم توێژینەوەیەدا ڕانەبوردوو بۆ هەردوو کاتی (ئێستا و داهاتوو)یش بەکارهاتووە، بڕوانە: مەحویی (2011: 174-175)

xiii لە (18)دا، مۆرفێمی تافی ڕانەبوردوو دەرناکەوێت ɸ، بۆ زانیاریی زیادتر لەسەر ئەم بابەتە بڕوانە ئەم سەرچاوەیە (مەعرووف، 2020)

xiv (Muysken, 1986)

**Refrences**


Bauer, L., Lieber, R. and Plag, I .(2013) .*The Oxford reference guide to English Morphology* .Oxford: Oxford University Publisher.

G. Booij .(1996) .Inherent versus contextual inflection and the split morphology hypothesis تألیف .G., van Marle, J. Booij ،(المحرر) *Yearbook of Morphology 1995* .Dordrecht: Springer.

Haspelmath and Slims .(2010) .*Understanding Morphology* .(2 الإصدار) London: Hodder Education, an Hachette UK company.

J. L. Bybee .(1985) .*Morphology, A Study of the Relation between Meaning and Form* .(المجلد 9) Amesterdam: JOHN BENJAMINS PUBLISHING COMPANY.

Katamba, F. and Stonham, J .(2006) .*Morphology* .(الإصدار 2) New York: Palagrave Macmillan.

L. Bauer .(2004) .*A Glossary of Morphology* .Washington D. C.: Georgetown University Press.

P. H. Matthews .(2007) .*The Consice Oxford Dictionary of Linguistics* .(الإصدار 2) Oxford: Oxford University Press.

Pieter C. Muysken .(1986) .Approaches to affix order .*Linguistics*.643-629 ،(24)

S. R. Anderson .(1982) .Where's Morphology ؟*Linguistic Inquiry 13*.612-571 ،

لیژنەی زمان و زانستەکانی لە کۆڕی زانیاری کورد. (2011). *ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی* (الإصدار 2). هەولێر: دەزگای ئاراس.

محەمەدی مەحویی. (2010). *مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان* (الإصدار 1). سلێمانیی: زانکۆی سلێمانیی.

مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا. (2020).*تاف* (الإصدار 1). سلێمانیی: ئاوێر.